ناساندنی کتێب:




نوختەی نوونەکەی ژیان

هەڵۆ بەرزنجەیی

| |
|---|
| نووسەر: فەرهاد شاکەلی<br>کتێب: نوختەی نوونەکەی ژیان<br>ژانر: شیعر<br>پەخشخانە: ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە<br>کاتی بڵاوبوونەوە: بەهاری ٢٠١٦<br>لاپەڕە: ٢٤١ ل. |

**کام ئەستێرە بکەینە نشیمەن بۆ خۆمان**
**کاتێ ئەم سەرزەوییە**
**بە بۆنی خیانەت و بە بۆنی درۆ و بە بۆنی مەرگ**
**کاس دەبێت؟**
**چ بایەک بپێچین بە ڕۆحمانەوە،**
**هەڵمانگرێت و لەم سەردەمە تۆزاوییە بمانباتە دەرەوە؟** ل ٨
یان

**با بڕۆین ڕێگایەک هەڵبژێرین**
**وەک ئاوێنە ڕۆشن و ڕاستگۆ بێت،**
**وەک زمانەی ئاگر بیرەوەرییەکانمان بکا بە هەڵم و**
**بکا بە سووتوو.** ل ٥٤

هەروەک چۆن ناوی( فەرهاد شاکەلی)، لە کۆتایی شەستەکانەوە، سەرەتا لەدەڤەری کفرییەوە و پاشان تێکڕای کوردستانەوە، هەتا ئیمڕۆ هاوشانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لەتەکماندا هاوڕێیە، هاوسات پەیتا پەیتا، بە بەرهەمی نوێ: دیوانی شیعر، لێکۆڵینەوە، نووسینی چیرۆک، وەرگێڕان و گەلێ بابەتی دیکە چاو و دڵمان گەش دەکاتەوە و کتێبخانەی کوردی پۆشتەوپەرداخ دەکاتەوە.
شاکەلی، وەک شاعیر و نوسەر و ڕۆشنبیر، لەگەلێ مەیداندا دەست و پەنجەڕەنگین و فرە بەهرەیە، لێ پێم وایە "شیعر و شاعیرێتی" زیاترین بەش لە پانتایی ناو و بەرهەمەکانی داگیرکردووە.
یەکێ لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی دنیای شیعری شاکەلی، دیوانەکانی چەشنی کانی ڕوون و سازگاری ووشەی کوردی و تابلۆی ڕەنگینی ئەدەبی و مانای قووڵی شیعریی و ڕەهەندی بەرزی جوان و ئاخافتنە لەگەڵ مرۆڤ و دنیای پڕ لە نهێنی و گەردوونی ئەم بوونەوەرە هەرە چالاکەدا، بە هەموو دوورییەکانی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و مەعریفی و کایەی بوون و هەبوونەوە.

**من تەنیا دووریی تۆ دەناسم و**
**بێتۆیی ئاشنامە،**
**تەنیایی بووەتەماڵم و**
**تەنیایی بووەتە نیشتمانم.**
**چاوەڕێتم. دارپرتەقاڵەکانی ئەم کیشوەرە چاوەڕێتن،**
**بێی، بۆنوبەرامەیان پێ ببەخشیت و**
**فێری لارولەنجەیەکی نارنجییان بکەیت.**
**لە بەندەری عەشق و ئارەزۆوە تەماشات دەکەم؛**
**ئەم چۆڵەوانییە پڕە لە وێنەی تۆ،**
**پڕە لە بۆنوبەرامەی تۆ.** ل ٤٨

من وەک خوێنەرێکی بەردەوامی بەرهەمەکانی "شاکەلی"، چێژ و لەزەتێکی تایبەت و بەسوود لە شیعرەکانی دەبەم. شیعرەکانی دەبنە فەزایەکی ئەوتۆ، من، بە جوانی و شەیداییەکی دیکەوە لە ووشەکانی بڕوانم و هەستیارانە دەست بەرم بۆ تابلۆ شیعرەکانی و بە دیقەتەوە لە دێڕ و تێکستەکان وورد ببمەوە و هۆشیارانە، بیر لە قووڵیی دیمەنی ڕازاوەی دەرەکی و بەها و مانای ناوەکیی شیعرەکان بکەمەوە.

چیت بۆ بگێڕمەوە؟
کە تۆ لە شەوانی تەنیاییمدا تریفەی مانگەشەو بوویت،
هەموو بەیانیانێک گزنگ بوویت و
هەموو ئێوارانێک زەردەپەڕ. ل ١٣٩

ئەگەرچی بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆشنبیری گەورەی گەلەکەمان "شاکەلی"، بۆ گەلێ زمانی بێگانە وەرگێڕدراوە و لە ناوەوەش چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە، بەڵام دیسان، ئەرکێکی ڕۆشنبیریی گەورەیە، لەلایەن پسپۆڕانی بواری شیعر و ئەدەبی کوردییەوە، ئاوڕێکی بە پەرۆشتر لە بەرهەم و ئەزموونی بدەنەوە و لە ڕوانگەی شاعیرێکی تاراوگە و دووره وڵاتەوە، هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمانی بکرێ ..سەردانێکی ڕۆحی هەڵقرچا و تژی لە جوانی و مەڵبەندی ئەڤین بکەن.
لە ڕاستیدا، قەڵەمی بەندە لە کێشی بابەتی ئەدەبی (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان)دا نییە، هەڵسەنگاندن بکات. لێ ڕەشکردنەوەی ئەم چەند دێڕەم بە پێویست زانی، هەر بۆ کورتە ناساندنێکی دوا بەرهەمی مامۆستا شاکەلی خۆشەویست.

ڕۆژنەکانی نێوان تۆ و من
بە شووشەی ڕۆح داپۆشراون.
نە بە هەڵمی هەناسە لێڵ دەبن،
نە زستانی تەنیایی درزیان پێ دەبات و
نە گەردی ڕێگایان لێ دەنیشێت. ل ١٣٣

ئەم دیوانە (١٠٢) پارچە شیعری لە خۆی گرتووە و لە دووتوێ (٢٤١)،لاپەڕەدا بە چاپێکی نایاب و بەرگ و دەرهێنانێکی جوان ڕازاوەتەوە.
من لە کاتێکدا دڵنیام، کتێبخانەی کوردی بەم جۆرە بەرهەمانە، سیمایەکی دیکەی گەش و دەوڵەمەند بۆ خۆی زیاد دەکات، هاوسات دەستخۆشی لە کاک فەرهاد شاکەلی دەکەم و بەرخورداری و سەرکەوتن و سڵامەتی بۆ قەڵەمە بە بڕشتەکەی و خۆی دەخوازم.

ڕازێک نادرکێنم گەر پێت بڵێم:
لە بنجکێکی بیابان
تەنیاترم،
ژاکاوترم
تینووتر و
تۆزاویترم.
بنجکێک بە ئومێدی گەواڵەهەورێک،
تاوەبارانێک و
شنەبایەکی فێنک دەژی.
من بە بۆنوبەرامەی یادەوەرییەکی شین،
جاروبارێ،
دەبووژێمەوە. ل ٢٨